وەزارەتـی نـــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ١٢٥١
ڕێکەوت : ٦ / ٥ / ٢٠٢٤

---

# بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.40- 2022) تەندەری پرۆژەی**

**(دروستکردنی بینای نەخۆشخانەی ڕاوێژکاری کەلار) بۆ جاری سێیەم**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگـــاداری ســــەرجەم بەلێنـــــدەر و کۆمپانیاکـــــان دەکەیـــــنەوە کە تەنـــــدەر ی پـــــرۆژەی نـــــاوبراوی ســــەرەوە هەیە , کە ئامـــــــادەکراوە لە لایەن ( ب.گشـــــــتی تەندروســــــتی گەرمیـــــــان ) , لەســــــەر بـــــــودجەی پەرەپێـــــــدانی پارێزگاکـــــان/ئیـــدارەی گەرمیـــان بـــۆ ســـاڵی (٢٠٢٢) جێبەجـــێ دەکرێـــت, هەرکەس ئـــارەزووی بەشـــداری کردنـــی هەیە بـــا ســــەردانی ب.ژمێریـــــاری لە دیـــــوانی ئیـــــدارەکەمان بکـــــات بەمەبەســـــتی وەرگرتنـــــی تەنـــــدەر .
ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (٣٣٠) سێ سەد و سی ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنـــی تەنـــدەر لە ڕۆژی (چوارشـــەممە ٨/ ٥ /٢٠٢٤ )ەوە دەســـت پـــێ دەکـــات تـــا ڕۆژی (پێـــنج شـــەممە ٢٣ / ٥ / ٢٠٢٤) کاتژمێر ( ٩ )ی سەر لە بەیـانی تـا ( ١١:٠٠ ) ی پـێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامبەر بە ( ٣٠٠,٠٠٠) سێ سـەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (یەک شەممە ٢٦ / ٥ / ٢٠٢٤ ) کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنـی تەنـدەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پـرۆژەکە دەتـوانن سـەردانی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تەندروسـتی گەرمیان بکەن .
- مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ٢ تا ٤) بێـت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.
٢- دەستەبەری بانکی بەبڕی (٣٣,٠٠٠,٠٠٠) سی و سێ ملیـۆن دینـار دەبێـت بە چەکێکـی بـاوەڕ پێکـراو ( مصـدق ) یـان دەسـتەبەری بانکی ( خطاب ضمان ) لە بانکیکی باوەڕ پێکراو لە هەریمی کوردستان, بو ئیدارەی گەرمیان وە ناوی پرۆژەکەی لەسەر بنووسرێت ماوەی ( ١٢٠) سەد و بیست ڕۆژ بیت وەک بارمتەی تەندەر لە کاتی گەڕانەوەیدا .
٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .
٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .
٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٤) یان هەبێت .
٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسـراوی سـپاردن بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بە هۆکـاری پێویسـت هەڵبووەشێنێتەوە .
٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

جــلال نـــوری عبدالقـادر
سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت